# پەلامارێكی تیرۆریستی بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان
# 2007–05–09

كاتژمێر حەوت و پەنجا دەقیقەی بەیانی ئەمڕۆ (چوارشەممە) خۆكوژێک بە بارهەڵگرێكی مینرێژكراو خۆی بە باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆی كوردستان و ئاسایشی هەولێر دا تەقاندەوە .

بەپێی زانیاریەكان كە لەسەرەتای كارەساتەكەدا بەدەت گەیشتبێت ، ژمارەیەكی زۆر لە پاسەوانانی هەردوو باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی هەولێر و ژمارەیەكی زۆری خەڵكی بێ تاوان لە جێگای تەقینەوەكەدا شەهیدو بریندارابوون .
بەڕێز دكتور زریان عوسمان وەزیری تەندروستی حكومەتی كوردستان لە لێداونێكدا سەبارەت بەم تەقینەوەیە رایگەیاند : ژمارەی قوربانیانی هێرشە تیرۆیستییەكەی بەردەم باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی كوردستان تا ئێستا گەیشتۆتە 19 شەهید و 70 بریندار .
بە پێی لێدوانی ئەوكەسانەی كە ئاگادری تەقینەوەكە بوون ، لە كاتی تەقینەوەی ئەو كامیۆنە كە بڕێكی زۆر مادەی تی ئێن تی و فاس و تێزابی تێدابوە هاوكات تا ئاستی زیاتر لە 35 مەتر ئاگر بەرزبۆتەوە . هەرئەمەش وای كردوە كەسانێكی زۆر شەهیدو بریندار بین.

**پەیامنێری ڕۆژنامەی كوردیش ویب : هەولێر 09-05-2007**

